ڕێژەک پشووی فەرمی لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندرا

لەسەر پێشنیاری مەسرور بارزانی ڕێژی دووشەممە، 18-12-2023 کرایە پشووی فەرمی و، ڕێژی دواتر دەوامی فەرمی دەستپێدەکاتەوە.

ئەمە چوارشەممە، 13-12-2023، فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە، لەسەر پێشنیاری مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئینجوومەنی وەزیران، 18ـی ئەم مانگە لە سەرجەم دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، پشووی فەرمی دەبێت.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: "ڕێژی 18ـی کانوونی یەکەم، کە دەکاتە ڕێژی دووشەممەی داهاتوو، لە سەرجەم دامودەزگەکانی هەرێمی کوردستان، بە هۆی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئینجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لەو ڕێژەدا، لە هەرێمی کوردستان پشووە".

ئەوەش خراوەتەروو: "پشووەکە هەموو دامودەزگە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و ڕێژی سێشەممە، 19ـی کانوونی یەکەم، دەوامی فەرمی لە سەرجەم دامودەزگە فەرمییەکان دەستپێدەکاتەوە".

بەیارە ڕۆژی 18ـی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بەجگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەوەبچێت. زیاتر لە 23 ملیۆن و 368 هەزار کەس دەتوانن لەم هەڵبژاردنەدا دەنگ بدەن.